# گرفتەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی ناوەندی هەولێر

**پ.ی.د. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
ahmad.ameen@su.edu.krd

**رزگار عومەر عەزیز**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
Rzgaromar69@gmail.com

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گرفتەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە لە قوتابخانەکانی ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەربارەی گرفتەکانی پرۆگرامی خوێندن لە تێڕوانینی مامۆستایانی بابەت گرینگی و بایەخی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی لەو ڕێگایەوە دەتوانرێت وەزارەتی پەروەردە – بەشی پرۆگرامەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کەم و کورییەکان ئاگادار بکرێنەوە، تا ئەوەی لە چاپەکانی داهاتوو پێداچوونەوە بۆ گرفتەکان بکەن. لەو سۆنگەیەوە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەمان بە پێویست زانی، تا ئەوەی لە تێڕوانینی مامۆستایانی بابەتدا گرفتەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، کە تێیدا بەشێکی مێژووی کورد دەخوێندرێت؛ دەستنیشان بکەین. کۆمەڵگای توێژینەوە پێکهاتووە لە (١٢٥) قوتابخانە لە ناوەندی پەروەردەی هەولێر، لەو چوارچێوەیەدا (٩٥) قوتابخانەمان هەڵبژاردوون، لەنێویاندا (١١٠) مامۆستای بابەت هەن، (٣١)یان لە ڕەگەزی (نێر) و (٧٩)یان لە ڕەگەزی (مێ)ن. بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی

پێویست بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پشتمان بەستووە بە فۆرمی ڕاپرسی، کە لەلایەن توێژەرەوە دروستکراوە و لە (٢٦) بڕگە پێکهاتووە. دوای ئامادەکردنی ئامرازەکە و دەرهێنانی ڕاستی و گونجانی ناوەکی و جێگیری، هەڵساوین بە جێبەجێکردنی بەسەر نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە، پاشان دەستمان کردووە بە شیکردنەوە و بەتاڵکردنەوەی ڕاپرسییەکە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ناوەندەژمێریاری و ڕێژەی سەدی و ڕیزبەندی ئەنجامی توێژینەوەکە، ئەنجام بۆمان دەرکەوتووە، کە پرۆگرامەکە گرفتی هەیە.

**وشە سەرەکییەکان:** گرفت ، پرۆگرام ، پرۆگرامی خوێندن، مێژوو

## بەشی یەکەم- ناساندنی توێژینەوە:

### ١-١: پێشەکی:

یەکێک لەو هۆکارەی کۆمەڵگە هەوڵدەدات پێشکەوتن و گەشەکردنی شارستانییەتی لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا تێدا بەدی بهێنێت، پەروەردەیە، ئەویش بەپێی تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگە دەکات، ئەمەش پرۆسەیەکی بەردەوامە و ناوەستێت تەنها بە وەستانی ژیان نەبێت.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین پرۆگرامی خوێندن ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دروستکردنی مرۆڤ و گەشەسەندنیدا هەیە، لەبەر ئەوەی هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ پڕچەککردنی بە لێهاتوویی و بە توانایی، دواجار لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو.

پرۆگرام وەک بنەما و ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن گرینگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە هەموو ناوەند و ئاستێکی فێرکاریدا زۆرترین گفتوگۆ و قسەی لەسەر دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی پرۆگرام بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی دید و فەلسەفە و کلتوور و خواست و پێداویستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە، کە بڕیاریانداوە و ڕازیبوونە بەوەی نەوەکان لەسەر ئەو چەشنە بیر و بەها و مەعریفەیە پەروەردە بکرێن (عزیز، ٢٠١٩، ٥).

### ١-٢: گرفتی توێژینەوە:

هیچ کام لە سەدەکانی پێشوو، هێندەی سەدەی بیست و یەک کاریگەر نەبووە بە پێشکەوتنی زانیاری و خێرایی لە گواستنەوەیدا، هاوشان لەگەڵ گەشەکردنی دانیشتوان و مەعریفەدا، گەشەکردنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەوەش ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە پرۆسەی فێرکردن و شێوازێکی نوێی پێ بەخشیوە لە دامەزراوەکاندا و وای لێکردووە هۆکارێکی بنەڕەتی پرۆسەی فێرکردن بێت لە سەرجەم قۆناغە جیاوازەکاندا، هەر بۆیە دامەزراوە فێرکارییەکان هیچ

هەڵبژاردەیەکی بۆ نەماوەتەوە جگە لە هاوشانبوونی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و جێبەجێکردنی باشترین کوالێتی لە فێرکردندا ( عارف و ئەوانی تر، ٢٠٢٠، ٢٠٧).

توێژەر لەبەر ئەو ڕۆڵە گەورە و فرەوانەی، پڕۆگرامی خوێندنی بابەتی مێژوو دەیگێڕێت، ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لە پڕۆگرامی خوێندنی بابەتی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ناوەندی پەروەردەی هەولێر بە گرینگ زانی، تا ئەوەی ڕادەی (گرفت) تێیدا، لە تێڕوانینی مامۆستایانی بابەتەکەوە دەربخات، پاشان ڕاسپاردە و پێشنیازەکانیان بخاتە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار.

**١-٣: گرینگی توێژینەوە:**

١. ئەم توێژینەوەیە لەم کاتەی ئێستادا دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ بڕیار بەدەستان و پڕۆگرامدانەرانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ پێداچوونەوە و گەیشتن بە پڕۆگرامی خوێندنی بابەتی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بە شێوەیەکی هاوچەرخ و سەردەمیانە.

٢. گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ئاشنامان دەکات بە لایەنی گرفت و چارەسەرکردنی بابەتی پڕۆگرامەکە.

٣. سوودی هەیە بۆ هەڵسەنگێنەران و لێکۆڵەرانی پڕۆگرامەکانی خوێندنی بابەتی مێژوو و دەتوانن وەک سەرچاوەیەکی زانستی کەڵك لە ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە وەربگرن.

٤. گرینگە بۆ زانینی ڕادەی چۆنییەتی و چالاکییەکانی پڕۆگرامی خوێندن، لە ڕێگای بیر و بۆچوونی مامۆستایانی بابەتەکە و بەخشینی فیدباک بۆ گەشەپێدان و باشترکردنی پڕۆگرامەکە.

٥. گرینگە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، قوتابخانە بنەڕەتییەکان و مامۆستایان، وەک بەرچاو ڕوونییەک بۆ ناسینی ئەو گرفتانەی، کە لە پڕۆگرامەکەدا هەیە.

**١-٤: ئامانجی توێژینەوە:**

بریتییە لە دەستنیشانکردنی گرفتەکان، کە لە پرۆگرامی بابەتی خوێندنی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بوونیان هەیە.

**١-٥: گریمانەی توێژینەوە:**

بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)، لە گرفتەکانی پرۆگرامی مێژوودا.

**١-٦: سنووری توێژینەوە:**

سنووری توێژینەوە بریتییە لە:

١. بواری مرۆیی: مامۆستایانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی.

٢. بواری بابەتی: گرفتەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی ناوەندی هەولێر.

٣. بواری شوێن: پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هەولێر.

٤. بواری کات: لە (١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ تا ١٥ی تەمووزی ٢٠٢٢).

**١-٧: پێناسەی زاراوەکان:**

**١-٧-١: گرفت:**

١. هەر هەڵوێستێکی دەروونی نائاسایی، کە چارەسەرێکی تەواوی نەبێت لە ڕەفتار و کەسایەتی تاک و تاکە کەس تێیدا هەست بە دوودڵی و سەرلێشێوان بکات، لەو ساتەدا هەوڵبدات بۆ بیرکردنەوە و دەرچوون لەم بارودۆخە (الهاشمي، ١٩٨٨، ٢٣٥).

٢. لەو هەڵوێستەی ڕووبەڕووی تاک دەبێتەوە و تواناکانی لەبار دەبات بەرانبەر بە چالاکییەکانی، کە دەبێتە کۆسپێک بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی کۆمەڵایەتی (غباري، ١٩٨١، ٥٩).

کەواتە دەتوانرێت بوترێت گرفت کردارێکە تاک هەڵدەستێت بە کردنی ئەویش لە چوارچێوەی دیاریکردن و دارشتنی ئامانج لە گەیشتن بەو ویستەی دەیەوێت.

**١-٧-٢. پڕۆگرام:**

١.بریتییە لە گشت ئەو لێکۆڵینەوە و ئەزموون و چالاکییانەی قوتابی بەدەستی دەهێنێت یان پێی هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی و ئاراستەکردنی مامۆستا لە ناوەوە یان لە دەرەوەی قوتابخانە (عزیز، ٢٠١٩، ٢٠).

٢.هەموو چالاکییەکی ئامانجدار قوتابخانە پێشکەشی دەکات و ڕێکی دەخات و سەرپەرشتی دەکات و بەرپرسیارە لێی (محمد و الشافعي، ١٩٩٦، ٢٧).

لە سۆنگەی ئەو پێناسەی سەرەوەی بۆ پڕۆگرام دەتوانرێت بوترێت بریتییە لە گشت ئەو ئەزموون و چالاکییانەی، کە بەمەبەستی هاوکاریکردنی قوتابیان لەلایەن قوتابخانەوە پلانی بۆ داندراوە، ئامانج تێیدا بەدەستهێنانی فێربوونێکی باشە بەپێی ئەو توانایانەی قوتابیان هەیانە.

**١-٧-٣. پڕۆگرامی خوێندن:**

١.کۆمەڵێک زانیاری داڕێژراوە بەپێی ساڵ و ئاست و قۆناغی خوێندن لە سیستەمی پەروەردە و کۆمەڵگا کار دەکات (الخوالدة، ٢٠٠٤، ١٢)

٢.پرۆگرامی خوێندن بریتییە لە کتێبی چاپکراوی خوێندن، کتێبەکان: لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆری تایبەت بە کایە و بابەتە جۆراوجۆرەکانی خوێندن، بەپێی قۆناغە جیاوازەکان ئامادەکراون، واتە هەر قۆناغە و کتێبی تایبەت بەخۆی لە ڕووی ناوەڕۆک و دیزاینی دەرەوە بۆ ئامادەکراوە (قادر، ٢٠١٦، ٤١).

کەواتە دەتوانرێت بوترێت پڕۆگرامی خوێندن بریتییە لە نووسراوێکی باوەڕپێکراو، کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت، پاشان لە ناو قوتابخانەکاندا بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت جێبەجێ دەکرێت.

**١-٧-٤. مێژوو:**

١.مێژوو بە بڕوای هیرۆدۆت بریتییە لە: گەڕان و توێژینەوە و بەدواداچوون لە ڕووداوەکانی ڕابردوو و تۆمارکردنیان (طە، ١٩٩٠، ٤).

٢. کولجنوود (١٨٨٩ – ١٩٤٣) مێژوونووسی بریتانی پێیوایە مێژوو جۆرێکە لە توێژینەوەی زانستی و ئامانجی گەڕانە بە دوای کۆششی مرۆڤ لە ڕابردوودا، ئەویش بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکان (الشیخ، ٢٠٠٢، ١٩).

لە سۆنگەی ئەو پێناسانەی سەرەوە بۆ مێژوو دەتوانرێت بوترێت مێژوو کۆکراوەی ئەو ڕووداو و زانیاریانەیە، کە لە ڕابردوو ڕوویداوە و بە شێوەی تۆمارکراو بۆ مرۆڤایەتی ماوەتەوە.

## بەشی دووەم- لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:

### ٢-١: گرفت:

وشەی (گرفت) زۆر جار لەبەردەمماندا دووبارە دەبێتەوە، هەروەها بوونی سەختی، چ کەموکوریەک، چی هەڵەیە، کە کاتێک ڕووبەڕووی دۆخێکی ناڕوون دەبینەوە، دەڵێین ئەمە گرفتە، کاتێک ڕووبەڕووی پرسیارێک کە لەبەردەمماندا نییە، ئەوا ئێمە لە دۆخی گرفتداین، کەواتە مانای گرفت چییە؟ مرۆڤ لە ژینگەکەیدا دەژی و بەردەوام لەگەڵیدا کارلێک دەکات و لە ئەنجامی ئەم کارلێکەدا کۆمەڵێک پێداویستی دروست دەبێت، هەندێکیان بە ئاسانی تێر دەبن و ڕووبەڕووی سەختی دەبینەوە لە تێرکردنی هەندێکیان (المعايطة و الجغيمان، ٢٠٠٦، ١٥).

### ٢-١-١: گرفتەکانی هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن:

١. گەشەکردنی بەردەوامی تیۆرە پەروەردەییەکان.

٢. زۆربوونی بەردەوامی قەبارەی مەعریفە لە گشت بوارەکاندا.

٣. فرەوانبوونی ئامانجە پەروەردەییەکان پێویست دەکات بواری فێرکاری نوێ بخرێتە (بهاوێژرێتە ) نێو پرۆگرام.

٤. هەروەها گەشەکردنی تەکنەلۆجیای فێرکاری، وادەکات چەندێتی زانیارییەکان زیادبکرێ لە پرۆگرامدا (عزيز، ٢٠١٩، ٤٥).

### ٢-١-٢: جۆرەکانی گرفتی پەروەردەیی:

١. گرفتی هەڵسوکەوتی قوتابخانەییەکان و دیاردەکان لەلایەن قوتابیانەوە ئەو دیاردە هەڵسوکەوتانەی لە ناوەندە قوتابخانەییەکان دیارن.

٢. گرفتی هەڵسوکەوتە ڕەوشتییەکانی نێو پۆل.

٣. گرفتی هەڵسوکەوتە ڕەوشتییەکانی پەیوەست بە فێربوون.

٤. گرفتەکانی نێو پۆل لە ڕووی (ئەکادیمی) واتە ڕێکخستن.

٥. گرفتە دەروونییەکانی قوتابی.

٦. گرفتە کردارییەکانی فێربوون.

٧. گرفتە تەندروستییەکانی قوتابی.

٨. گرفتە کارگێڕییەکانی قوتابخانە (المعايطة و الجغيمان، ٢٠٠٦، ٢٠-٢٢).

**٢-١-٣: گرینگترین ئەو خاڵانەی دەبنە گرفت لە بەردەم گۆڕانکاری لە پرۆگرامی خوێندن:**

١. نا ئامادەیی مامۆستایان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە و بەشداری پێنەکردنیان لە پرۆسەکە وادەکات بەرەنگاری ببنەوە و قبووڵی ڕیفۆرمەکە نەکەن.

٢. بەرەنگاری باوک و دایکان (بەخێوکەران) ئەوانەی بەسیستەمی کۆن و شێوازی کۆن خوێندوویانە، وادەکات ئارەزووی پارێزگاریکردن و مانەوەی شێوازە کۆنەکە بکەن و بە چاک و سوودی نەوەکانیان بزانن.

٣. بەشداری پێنەکردنی کەسی پسپۆڕ و شارەزای پرۆگرام پسپۆری ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە کۆنفرانس و ۆرکشۆپ و دواتریش ڕیفۆرم و گۆڕانکاریەکانی پرۆگرام.

٤. لاوازی باری دارایی لە خەرجکردن و کارکردنی پێویست بۆ پرۆسەی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری (ابو حويج، ٢٠٠٠، ٢١٧).

**٢-٢: پرۆگرام:**

زاراوەی پرۆگرام لە زمانی ئینگلیزیدا لە وشەی (Curriculum) وەرگیراوە بنەڕەتی وشەکە بۆ یۆنانی کۆن (گریک) دەگەڕێتەوە، بە مانای ئەو ڕێگایەی تاک دەیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو دێت (مرعي و الحيلة، ٢٠٠١، ٢٥). وەڵێ لە زمانی عەرەبی پێی دەوترێت (منهاج، منهج، ناهجة). لە یەکێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿**لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا**﴾ (سورة المائدة، الاية ٤٨ ). وشەی (منهاج) لەو ئایەتەدا بە مانای ڕێگای ڕوون و ئاشکرا دێت. بە گوێرەی ئەو مانایانە خرانەڕووی وشەی پرۆگرام هاتۆتە ناو کایەی پەروەردە و بۆ ئەو میتۆد و ڕێچکەیە

بەکارهاتووە، کە دەتوانرێت لە ڕێگایەوە ئامانجە پەروەردەییەکان بەدی بهێنرێت (ابو حويج، ٢٠٠٠، ٧٥).

بە شێوەیەکی گشتی پرۆگرام دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆردا:

پرۆگرامی کۆن: مەبەست لە پرۆگرامی کۆن ئەو پرۆگرامە سەرەتاییانەن، کە لە کۆندا پێڕەویان لێکراوە و هەڵگری بەرنامە و زانیارییەکی کۆنکرێتی بوون و خۆی دەبینییەوە لە:

١. گواستنەوەی زانیاری و ڕۆشنبیری نەوەکانی ڕابردوو بۆ نەوەکانی دوای خۆی.

٢. کۆمەڵێک لەو زانیاری و بیرە دیاریکراوەی، قوتابی لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی دیاریکراو لە قوتابخانەدا لەلایەن مامۆستاوە دەیخوێنن.

٣. کتێبی قوتابخانەکان وەك سەرچاوەی سەرەکی فێربوون و زانیاری، کە بە هۆیەوە سەرچاوەکانی تری فێرکردن پشتگوێ دەخران (باهمام، ٢٠٠٤، ٤٠).

پرۆگرامی نوێ: چەمکی پرۆگرام بە واتا نوێیەکەی بریتییە لە کۆمەڵێک ئەزموونی جۆراوجۆر لە ڕێگای قوتابخانەدا بە قوتابییەکانی دەبەخشێت. ئەم جۆرە پرۆگرامە هەڵگری دوو ئەرکی سەرەکییە:

١. ئەرکی تایبەت بە قوتابخانە: بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری و ئەزموونی جۆراوجۆر فێرکاری بە قوتابیان.

٢. ئەرکی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە پێگەیاندنی تاک لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی وەک: گەشەی عەقڵی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئاینی (یونس وآخرون، ٢٠٠٤، ١٦).

**٢-٢-١: هەنگاوەکانی پلاندانانی پرۆگرام و ڕێکخستنی:**

**٢-٢-١-١. دیاریکردنی پێداویستییەکان :**

**٢-٢-١-١-١. پێداویستی کۆمەڵگا:**

هەموو کۆمەڵگایەک پێداویستی و ئامانجی دیاریکراوی خۆی هەیە، هەوڵدەدات لە ڕێگای دامودەزگاکانییەوە بەدییان بهێنێت. پێویستی کۆمەڵگاکان لە

کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕدرێت، بۆیە گرینگە لە دانانی پڕۆگرامدا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١. فەلسەفەی سیاسی حوکمڕانیی وڵات.

٢. سیستەمی ئابووریی دەوڵەت.

٣. شرۆڤەکردنی سروشتی کۆمەڵگا.

٤. دیاریکردنی ئاستی گەشەی کۆمەڵگا.

٥. ئامانج و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا لە ئەمڕۆ و داهاتوو (هندي واخرون، ١٩٩٢، ١٧٢).

**٢-٢-١-١-٢. پێداویستی قوتابیان:**

گرینگی بە هەند وەرگرتنی پێداویستییەکان لە دانانی پڕۆگرام:

١. گرینگیدان بە پێداویستییەکانی قوتابی، پاڵنەری خوێندن زیاد دەکات و لە پرۆسەی تێربوونیدا چالاکییان دەکات.

٢. تێرکردنی پێداویستییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابیان لێهاتوویی زیاتر وەربگرن، ئەمەش یەکێک لەو ئامانجانەیە پڕۆگرام هەوڵی بەجێهێنانی دەدات.

٣. بە پێچەوانەوە پشتگوێ خستنی پێداویستییەکانی قوتابی دەبێتە هۆی پەکخستنی پرۆسەی فێرکاری (عزیز، ٢٠١٩، ٣٩-٤٠).

**٢-٢-١-٢ دەستنیشانکردنی ئامانجەکان و داڕشتنیان:**

**٢-٢-١-٢-١. سەرچاوەی ئامانجە پەروەردەییەکان:**

١. **سروشتی کۆمەڵگا:** هەر کۆمەڵگایەک فەلسەفە و ڕۆشنبیریی خۆی هەیە و هەوڵدەدات لەو چوارچێوەیدا نەوەکانی پەروەردە بکات، کۆمەڵگاش بەپێی ئەو تایبەتمەندییە و فەلسەفەیەی هەیەتی هەوڵدەدات پەروەردە ئاراستە بکات.

٢. **سروشتی قوتابی**: قوتابی لە هەر قۆناغێکی گەشەدا بێت پێداویستی و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە توێژینەوە لەبارەی حەز و ئارەزوو و توانا و ئامادەباشی قوتابیان، پێداویستییەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

٣. **سروشتی زانیاری**: توێژینەوە لە بنەڕەتی مەعریفی کۆمەڵگا و ئەو گەشەکردنەی بەخۆیەوە بینیویەتی کۆمەڵێک ئامانج بەدەردەخەن بە وێنەی: بیرکردنەوەی سیستماتیک، کە دەتواندرێت لە ڕێگایەوە تێگەیشتنی گونجاومان هەبێت بۆ بابەتەکانی خوێندن، چونکە مەعریفە کاریگەرە بەو ئامانجانەی، کە بۆ بەدیهێنانی لێی داوا دەکرێت (عزیز، ٢٠١٩، ٤١).

**٢-٢-١-٢-٢. پێوەری دیاریکردنی ئامانجەکان:**

١. ئامانج پێویستە دەرئەنجامی فێربوونی بابەت و ناوەرۆکی بابەت ڕوون بکاتەوە.

٢. گشتییەتی بوارەکانی (مەعریفی، ویژدان، جووڵەی) لە خۆ بگرێت.

٣. پارێزگاری لە جیاوازی تاکایەتی بکرێت.

٤. گونجاو بێت لەگەڵ ئامانجی گشتیی بابەتدا.

٥. لە داڕشتندا ڕوون و دیاریکراو بێت.

٦. جێبەجێکردنی ئاسان بێت.

٧. لەگەڵ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیدا یەک بگرێتەوە (ابو حویج، ٢٠٠٠، ١٢).

**٢-٢-١-٣. دیاریکردنی ناوەرۆکی ئەزموونەکانی فێرکاری:**

**٢-٢-١-٣-١. پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ناوەرۆك:**

١. ڕاستێتی (صدق) و سوودی زانیارییەکان و توانای پراکتیزەکردنیان لە بوارە جیاوازەکان.

٢. پەیوەندی هەبێت لەنێوان ئامانج و ناوەرۆکدا.

٣. پەیوەندی هەبێت بە ژیانی واقعی قوتابیانەوە.

٤. جیاوازی تاکایەتی و پێداویستی قوتابی ڕەچاو بکرێت بۆ ئاسانکاری پرۆسەی فێرکاری.

٥. هاوسەنگی هەبێت لە کایەکانی زانیاریدا وەک: چەمک، بنەما و بیرۆکەکان (مرعي و الحيلة، ٢٠٠١، ١٠٤).

**٢-٢-١-٣-٢. پێوەرەکانی دیاریکردنی ئەزموونەکانی فێرکاری:**

١. جۆراوجۆری لە پێشکەشکردنی ئەزموونی فێرکاری بەڕادەیەک بوارەکانی ویژدانی و جووڵەیی بگرێتەوە.

٢. ئەو ئەزموونانەی پێشکەش دەکرێن جۆراوجۆربن لە ڕەفتاری فێرکاری بۆ ئەوەی هەر قوتابییەک پێیدا تێپەڕێت بتوانێت وەری بگرێت (عزيز، ٢٠١٩، ٤٥).

**٢-٢-٢: پرۆگرامی فەرمی و پرۆگرامی شاراوە چین:**

١. پرۆگرامی فەرمی: بریتییە لە بەڵگەنامەیەکی نووسراو و ئامادەکراو لەلایەن دەستەیەک یان لایەنێک، کە ڕاسپێردراون بە دانانی، پاشان مامۆستا لە ڕێگای وانەوتنەوە و لە ماوەیەکی دیاریکراودا لەسەر بنەمای سیستەمێکی دیاریکراو لە ناو پۆلدا پراکتیزەی دەکات (عزيز، ٢٠١٩، ٦٧).

٢. پرۆگرامی شاراوە: بریتییە لە گشت ئەو وەرگیراو و کردارە پراکتیزە کراوانەی قوتابی، کە لە شێوەی زانیاری و ئەزموون و بۆچوون و بەها و لێهاتوویی لە دەرەوەی پرۆگرامی فەرمی بەبێ سەرپەرشتی مامۆستا بەڕێوە دەچێت. هەموو ئەوانەش لە ڕێگای فێربوون لە ڕێگای پێشەوایەتی و تێبینیکردن لە مامۆستا و کۆمەڵگاکەیەوە قوتابی وەریاندەگرێت (عزيز، ٢٠١٩، ٦٩-٧٠).

**٢-٣: پرۆگرامی خوێندن:**

پرۆگرامی خوێندن بە هەموو جیاوازیەکانەوە یەکەیەکی زیندوو و گرینگی ناو کۆمەڵگایە، پێکهاتەیەکی گرینگە بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، چونکە

سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانی قوتابیانە، سەرچاوەیەکیشە مامۆستا بۆ وانەوتنەوە پشتی پێ ببەستێت. کۆمەڵگا بە سەرچاوەی ڕەسەن دادەندرێت بۆ بونیادنانی پرۆگرامی خوێندن ئەویش بەپێی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو دەوڵەتەی کاری پێدەکات. خوێندن بۆ خۆی لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پێکدێت، دەتواندرێت گۆڕانکاری کۆمەڵگای لەسەر بونیاد بنرێت (عاشور، ٢٠٠٤، ٥).

**٢-٣-١: گرینگی پرۆگرامی خوێندن:**

١. پارێزگاری لە کەلتوور و شارستانی کۆمەڵگە دەکات، بە گواستنەوەی نەوە بۆ نەوەکانی تر.

٢. هەلی یەکسان دەڕەخسێنێت بۆ قوتابیان لە پێشکەشکردنی زانیارییەکان و راستییەکان کە ئامانجی دیاریکراو لە رەفتاریاندا بەدی دەهێنێت، هەروەها چارەنووسێکی هاوبەشە پێویستە هەموو قوتابیەکان بە جیاوازی ئاستەکانیانەوە ئاشنای ببن.

٣. بواری ئەوە دەڕەخسێنێت لە بەرامبەر مامۆستادا چەندین ڕێگە لە وانەوتنەوە بەکاربهێنێت بە تایبەتی ئەوانەی کە پێویستی بە پرۆگرامی خوێندن هەیە لە دەستی قوتابیەکاندا، کاتێک مامۆستا ئەرکی ماڵەوە لە قوتابیان داوادەکات.

٤. سەرچاوەی زانستی سەرەکییە بۆ قوتابی، هەروەها خاڵی دەستپێکە بۆیان لە لێکۆڵینەوە و شارەزابوون و بیرکردنەوەی ڕێکخراودا، لە زۆر وڵاتاندا بۆ مامۆستاش سەرچاوەی زانیارییە.

٥. هۆیە جۆربەجۆرەکانی فێرکردن لەخۆ دەگرێت، لە وێنە و نەخشەی هەمەڕەنگ و شێوەکانی ڕوونکردنەوە و ئامارەکان، ئەمانەش بەو ڕۆڵەی دەیبینن پرۆسەی فێرکردن دەوڵەمەند دەکەن.

٦. بەشداری دەکات لە گواستنەوەی ڕۆشنبیری و ڕووناکبیریی کۆمەڵگا بۆ قوتابیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

٧. پرۆگرامی خوێندن بەرهەمی پسپۆرانێکە، کە بەهایەکی زانستییان هەیە و تواناکانیان دەرکەوتووە لە نێو سەرقاڵانی پرۆسەی پەروەردەییدا (علی و الدیب، ١٩٧٧، ١٥٣).

**٢-٣-٢: سوودەکانی پرۆگرامی خوێندن:**

١.ڕێگەیەکی لۆژیکیی کاریگەر بۆ ڕێکخستنی فێربوون و ڕوونکردنەوە و ڕێکخستنی زانین و ڕێکخستنی ڕاستییەکان لەهەر بابەتێکدا بەشێوەیەکی لۆژیکییانە.

٢. پرۆسەی پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆگرامی خوێندن بە سادە و ئاسانی، ئەم جۆرە پرۆگرامە پێویستی بە کات و کۆششێکی ئەوتۆ نییە، وەک ئەوەی جۆرەکانی تری پرۆگرام پێویستییان پێیە.

٣.ئامادەکردنی مامۆستا بۆ ئەم جۆرە پرۆگرامە ئاسانە، هەروەها ئاسانە ناوەرۆکی پرۆگرامەکە ئامادە بکات و بابەتەکانی هەڵبژێرێت.

٤.هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندن ئاسانە، چونکە هەڵسەنگاندنەکە سنووردارە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پەروەردەیی، تێیدا ڕەچاوی ئاستی فێرخوازان و ناوەرۆکەکەی دەکرێت و لە کتێبەکاندا خشتەی بۆ دانراوە.

٥.پرۆگرامی بابەتەکانی خوێندن لەگەڵ سیستەمی وەرگرتن لە خوێندنی زانکۆدا، لە کۆلێژەکاندا دەگونجێت وەرگرتن لەسەر بنەمای دەرچوون لە ژمارەیەک بابەت لە ئاستێکی دیاریکراودا دیاری دەکرێت لە کۆکردنەوە (القیسي، ٢٠١٨، ٤٣-٤٤).

**٢-٣-٣: بایەخی پێو انە و هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن:**

١.ئامرازێکە بۆ درککردن بە کەموکوریەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن و دەستنیشانکردنی لایەنە باش و خراپەکانیان، بە مەبەستی چارەسەر و ئەنجامدانی گۆڕانکاری تیایاندا.

٢.هەڵسەنگاندنێکی زانستی و ڕاستگۆیانەیە بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن.

٣.بە هۆی وانە گوتنەوە و پراکتیزەکردنی ناوەرۆکی پرۆگرامەکان لە لایەن مامۆستایانەوە، ئاستی گونجاوی و نەگونجاوییان دەردەکەوێت بۆ قۆناغێک یان ئاستێکی ژیریی دیاریکراو، هەر بۆیە مامۆستایانی پسپۆر ئاگادارترن بە کەم و کوریەکانی پرۆگرامەکان، چونکە خۆیان بە کردار جێبەجێکاری بابەتەکەن (رسول، ٢٠١٦، ١٠٠).

**٢-٤: مێژوو:**

لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی مێژوو (Historia) لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینددا، بۆ یەکەمین جار (هیرۆدۆتس) مێژوونووسی گریکی بۆ مەبەستی کنە و گەڕان بە دوای ڕووداوەکانی ڕابردوو و تۆمارکردنیان بەکاری هێناوە (حمید، ١٩٨٠، ٧). دواتر بە تێپەڕبوونی کات ئەو زاراوەیە بە مانای مێژوو واتا گرینگیدان بە ڕابردوو لە بەشێکی زۆری زمانە زیندووەکانی ئەوروپادا جێگیربوو، بۆ نموونە بە شێوەی (History) لە زمانی ئینگلیزی، (Historia) لە زمانی ئیسپانی و (Historie) لە زمانی فەرەنسیدا (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٧٣). تێکڕایان گوزارشتکردن بوون لە ڕابردووی مرۆڤایەتی لەگەڵ هەوڵەکان بۆ زانینی ئەو ڕابردووە (طه، ١٩٩٠، ٢).

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (تأريخ) کە بۆ مەبەستی مێژوو بەکاردێت، چەند مانایەك دەگەیەنێت و زانایان لەبارەی ڕەچەڵەکی وشەکەوە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، وەلێ ئەوەی زیاتر ئەوەیە، کە ئەم وشەیە بە مانای ڕاگەیاندنی کات و دەستنیشانکردنی ڕێکەوت بەکار دێت (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٧٤). لەو میانەشدا لە فەرهەنگە عەرەبییەکانیشدا بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتووە، بۆیە دەڵێن: "أرخ الكتاب ليوم كذا" واتا ڕێکەوتەکەی دیاریکرا (حسين، ٢٠١٢، ٣٥).

لە زمانی کوردیدا زیاتر وشەی مێژوو بەکار دێت، بەمانای ئەو نووسراوانە دێت، کە لە ڕووداوەکانی پێش ئێستادا دەدوێن و بەسەرهاتی ڕابردوون. ئەو وشە بۆ یەکەمین جار حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٩٣-١٩٤٧) دایڕشتووە لە وشەی لە

(مێژە) وەری گرتووە، بە مانای ڕابردوویەکی زۆر دوور دێت (هەرشەمی، ٢٠٢٢، ٧٥٠). لە لایەکی دیکەوە هەر لە زمانی کوردی بە زاری کرمانجی وشەی دیرۆك بەکار دەهێنرێت، کە بە مانای ئەو دەق و نووسراوانە دێت، کە لە پاشماوەی ئامراز و کەلوپەل و ڕووداوەکانی پێش ئێستا دەدوێن. بۆ یەکەمین جار ئەو وشەیە میر جەلادەت بەدرخان (١٨٩٣- ١٩٥١) بەکاری هێناوە (هەرشەمی، ٢٠٢٢، ٣٥٠).

**٢-٤-١: گرینگیی خوێندنی بابەتی مێژوو**

١.زانستی مێژوو وێنەیەکی ورد و ڕوون دەبەخشێت لەسەر شارەزاییەکانی مرۆڤ، کە پێیدا تێپەڕیووە.

٢.زانستی مێژوو سوودمان پێدەگەیێنێت بۆ پلاندانانی داهاتوو پاش زانینی شارستانییەتەکانی ڕابردوو، ئایا هۆکارەکانی بەدیارکەوتنیان و بڵاوبوونەوەیان چی بووە؟ ئایا هۆکاری لە ناوچوون و نەمانیان چی بووە؟

٣.زانستی مێژوو وا لە مرۆڤ دەکات ببەسترێتەوە بە باب و باپیران و ڕەچەڵەکەکەی، کە خۆی درێژکراوەی ئەوانە.

٤.زانستی مێژوو نەتەوەکان پۆلێن دەکاتەوە شوێنەواری نەتەوەکان دەپارێزێت وڵاتەکانی پێ جیا دەکرێتەوە.

٥.خەڵک فێردەکات دەربارەی ڕابردوو بۆ ئەوەی بەردەوامی بدەن دەربارەی ئەو شتانەی بەسوود بوون هەر لە بیرکردنەوە و زانستەکان و شارستانییەکان، چونکە مرۆڤ بەشێوەیەک لە شێوەکانی بەستراوەتەوە بە ڕابردوو (العقود و یوسف، ٢٠٠٦، ١٤).

**٢-٤-٢: ئامانجەکانی خوێندنی بابەتی مێژوو:**

هیچ زانستێک لە زانستەکان بە چاوپۆشیکردن لەوەی پەیوەندی هەیە بە ژیانی مرۆڤەوە بێبەش نییە لە کۆمەڵێک ئامانج، چ جای مێژوو کە پەیوەندییەکی

ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە. لەو سۆنگەیەوە خوێندنی بابەتی مێژوو کۆمەڵێك ئامانجی هەیە، لەوانە:

١. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ڕێڕەوی مێژوو.

٢. هێنانی گەواهیدەرەکان (نموونەکان) بۆ بەها پەروەردەییەکان.

٣. فرەوانکردنی ئاسۆی زانیاری و شارەزایی.

٤. یارمەتیدان بۆ تێگەیشتن لە ئێستامان.

٥. ناسینی چاخە مێژووییەکان (نوري، ٢٠١٤، ٢٥).

### ٢-٤-٣: پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی:

پرۆگرامی مێژوو لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بەشێکە لە پرۆگرامەکانی خوێندن، لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانیدا بەشێوەیەک بابەتەکانی ئەو کتێبە بەستراونەتەوە بە بابەتەکانی پۆلی حەوتەم و پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی. ناوەرۆکەکەی لە حەوت بەند پێکهاتووە ئەم بابەتانە دەخوێندرێت:

١. کوردستان لە سەردەمی مەغۆل.

٢. کوردستان لە ململانێی عوسمانی و ئێرانی.

٣. کوردستان لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکان.

٤. کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانی و ئێرانی.

٥. کوردستان لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاکو کۆتای جەنگی دووەمی جیهانی.

٦. کوردستان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی تاکو ساڵی ١٩٥٨.

٧. کوردستانی عێراق پاش شۆڕشی ١٤ ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨.

### ٢-٥: توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکانی پێشوو ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوت:

١. جیاوازی هەبووە لە ئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو، هەندێکیان ئامانجیان تەنها دەرخستنی لایەنی بەهێز و لاوازی توێژینەوەکان بووە وەک توێژینەوەکانی سعید (١٩٩٠)، الغزاوي (١٩٩٥)، خليفه و شبلاق (٢٠٠٧)، حسن و ئازاد (٢٠٢٠). هەندێکی دیکەیان ئامانجیان دیاریکردنی ئاستی پەرتووکەکە بووە وەک توێژینەوەکانی: الراشد (٢٠٠٢)، مصلح (٢٠١٠)، محمد (٢٠١٢)، الساني (٢٠١٥)، و عارف و ئازاد (٢٠١٨).

٢. توێژەران لە توێژینەوەکانیان بابەتی جیاوازیان باسکردووە، بە جۆرێك توێژینەوەی سعید، پەرتووکی زانست بۆ هەردوو پۆلی یەک و دووی سەرەتایی وەرگرتووە، بەڵام توێژینەوەی الغزاوي پەرتووکی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی وەرگرتووە. هەرچی توێژینەوەی الراشد پرۆگرامی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی ئامادەیی وەرگرتووە. کەچی توێژینەوەی خليفه و شبلاق کوالێتی کتێبی خوێندن لە قۆناغی پەروەردەی بنەڕەتی. توێژینەوەی مصلح پرۆگرامی جوگرافیا لە قۆناغی بنەڕەتی باڵا ئەنجامداوە. توێژینەوەی محمد پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی وەرگرتوون. توێژینەوەی الساني لە پرۆگرامی مێژووی پۆلی دوازدەی کۆڵیوەتەوە و توێژینەوەی عارف و ئازاد پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی نۆی بنەڕەتی وەرگرتووە. توێژینەوەی حسن و ئازاد لە پەرتووکی جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی کۆڵیوەتەوە.

٣. ئەنجامی توێژینەوەکان جیاوازن، هەندێکیان پێیانوایە پەرتووکەکان مەرجە زانستی و پەروەردەییەکانی تێدا بەدیهێنراون وەک: توێژینەوەکانی سعید، و الغزاوي، بەڵام هەندێک لە توێژینەوەکان ڕایان وایە پێویستی زیاتری بە پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی پەرتووک و پرۆگرامی خوێندن هەیە وەک لە توێژینەوەکانی الراشد، خليفه و شبلاق، مصلح، محمد، الساني، عارف و ئازاد، حسن و ئازاد، هاتوون.

٤. جیاوازی لەنێوان نموونەی توێژینەوەکان لە ڕووی ژمارەی نموونەکانەوە هەن، بە جۆرێك لە توێژینەوەی سعید (٣٠٠) مامۆستا و (٥٠) سەرپەرشتیارن. لە توێژینەوەی الغزاوي (١٠٠) مامۆستان، لە توێژینەوەی الراشد (١٣٢) مامۆستان، لە

توێژینەوەی خلیفە و شبلاق (٥٣) سەرپەرشتیارن، لە توێژینەوەی مصلح (١٤٠) مامۆستان، لە توێژینەوەی محمد (٨٦) مامۆستان، لە توێژینەوەی الساني (٢٥٤) مامۆستا و لە توێژینەوەی عارف و ئازاد (١٠٠) مامۆستان لە توێژینەوەی حسن و ئازاد (٨٨) مامۆستا وەرگیراون.

## بەشی سێیەم- ڕێکارەکانی توێژینەوە:

### ٣-١: پرۆگرامی توێژینەوە:

لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەی، توێژەر پرۆگرامی وەسفی بەکارهێناوە، بەو پێیەی پرۆگرامێکە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەی دەگونجێت.

### ٣-٢: کۆمەڵگای توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر، کە ژمارەی قوتابخانەکانی لە پلانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١ – ٢٠٢٢) لە (١٢٥) قوتابخانە پێکهاتووە.

### ٣-٣: نموونەی توێژینەوە:

### ٣-٣-١. نموونەی توێژینەوە (العینة الاستطلاعیة):

توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی لەو مامۆستایانەی وانەی پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر دەڵێنەوە بەشێوەی هەڕەمەکی لە هەر چوار ئاراستەکە هەڵبژارد، ئاکام لە (٤٠) قوتابخانە، (٥٠) مامۆستای بابەت هەڵبژێردران، کە لەنێویاندا (١٢) مامۆستایان لە ڕەگەزی (نێر) و (٣٨) مامۆستایان لە ڕەگەزی (مێ)ن.

### ٣-٣-٢. نموونەی توێژینەوەکە (کۆمەڵگای سەرەکی):

لە ڕێگای ئامادەکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکە، توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی لەو مامۆستایانەی وانەی پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر دەڵێنەوە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژراد. لەو چوارچێوەیەدا لە (٩٥) قوتابخانەدا (١١٠) مامۆستا هەڵبژێردران، لەوانە (٣١) مامۆستا لە ڕەگەزی (نێر) و (٧٩) مامۆستا لە ڕەگەزی (مێ)ن. هەر (١١٠) مامۆستاکە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوون، بەڵام

لە پسپۆڕیی جیاواز، بە جۆرێك (٤١) مامۆستا پسپۆڕییان مێژوو بوو، (٢٢) مامۆستایان پسپۆڕییان جوگرافیا بوو، (٢٩) مامۆستایان پسپۆڕییان کۆمەڵایەتی بوو، (١٨) مامۆستاش پسپۆڕیی تریان هەبوو.

سەبارەت بە ساڵانی خزمەتی مامۆستایانی وەرگیراو، (٤) مامۆستایان ساڵانی خزمەتیان لەنێوان (١ – ٩) ساڵدا بوو، (٦١) مامۆستایان ساڵانی خزمەتیان لەنێوان (١٠ – ١٩) ساڵدا بوو، (٤٢) مامۆستایان ساڵانی خزمەتیان لەنێوان (٢٠ – ٢٩) ساڵدا بوو، هەروەها (٣) مامۆستایان ساڵانی خزمەتیان لەنێوان (٣٠ – ٣٩) ساڵدا بوو.

تەمەنی مامۆستایانی وەرگیراویش بەم شێوەیە بوو، (٣) مامۆستایان تەمەنیان لەنێوان (٢٥ – ٣٤) ساڵ بوو، (٧٥) مامۆستایان تەمەنیان لەنێوان (٣٥ – ٤٤) ساڵدا بوو، (٢٨) مامۆستایان تەمەنیان لەنێوان (٤٥ – ٥٤) ساڵ و (٤) مامۆستاشیان تەمەنیان لەنێوان (٥٥ – ٦٥) ساڵدا بوو.

**٣-٤: ئامرازی توێژینەوە:**

دوای وەرگرتنی ڕای شارەزایان، توێژەر وای دەبینێت فۆرمی ڕاوەرگرتن ئامرازێکی گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکەی، لەبەر ئەوەی فۆڕمی ڕاوەرگری لەو ئامرازانەیە، کە لە توێژینەوەی وەسفی کاریدا زۆر بەکاردەهێنرێت، وەک نموونە توێژینەوەی پەروەردەیی و دەروونییەکان (کشرود، ٢٠٠٧، ١٩٩)

توێژەر لەپێناو گەشەپێدان و فرەوانکردنی ئامرازەکە هەڵساوە بە دروستکردنی فۆرمێکی ڕاوەرگرتن بۆ ڕاوەرگرتنی مامۆستایانی بابەتی پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی.

دوای ئەوەی توێژەر لەبەر ڕۆشنایی داتای پلاندانانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆی ڕوونبووەوە ژمارەی قوتابخانەکانی سنووری ناوەندی پەروەردەی هەولێر (١٢٥) قوتابخانەیە. لە ڕێکەوتی ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ تا ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ هەڵسا بە وەرگرتنی ڕای مامۆستایانی بابەتی پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی

بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر، ئەوەش لەسەر بنەمای فۆرمێکی ڕاوەرگرتن، کە چەند زانیارییەکی کەسی تێدا بوو، لەگەڵ دەستنیشانکردنی گرفتی پرۆگرام.

توێژەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە هەر چوار ئاراستە لە کۆی (١٢٥) قوتابخانە، (٩٠) قوتابخانەی وەرگرتووە، دوای دابەشکردنی فۆرمی ڕاوەرگرتن بۆ مامۆستایانی بابەت، ڕای (٩٠) مامۆستای لە هەردوو ڕەگەز وەرگرتووە، بە جۆرێك (٢٨) مامۆستایان ڕەگەزی نێر و (٦٢) مامۆستایان ڕەگەزی مێ -ن. لەو نێوەندەدا لە چەند قوتابخانەیەك بە هاوکاری نەکردنمان بە هۆکاری جیاواز، ناچار پشتمان بە چەند مامۆستایەك بەستووە، کە ساڵانی پێشوو بابەتەکەیان گوتووەتەوە.

توێژەر دوای وەرگرتنەوەی فۆڕمی ڕاوەرگرتنی لە مامۆستایانی بابەت، بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ هەڵسا بە خوێندنەوەیەکی وردی سەرجەم فۆڕمەکان، ئینجا لەسەر بنەمای فۆڕمی ڕاوەرگرتنی مامۆستایان فۆڕمی ڕاپرسی دروستکرد. تایبەت بوو بە گرفتەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی و لە (٣٠) بڕگە پێکهاتووە. بۆ هەر بڕگەیەک پلەیەک دانرا بەپێی پێوەری (لیکێرت). (لەگەڵ نیم بە تەواوی، لەگەڵ نیم، بێلایەنم، لەگەڵم، لەگەڵم بەتەواوی) هاوشانی ژمارەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥)ی بۆ دانان.

### ٣-٤-١: ڕاستی ڕواڵەت (الصدق):

بۆ هێنانەدی ڕاستیی ئامرازەکە، توێژەر ئامرازەکەی خستە بەردەستی ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆرانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و مێژوو و ئامار، کە ژمارەیان ( ٧ کەس بوون، تا ئەوەی ڕا و بۆچوون و تێبینییەکانیان لەسەر بڕگەکان و شیاوی لە بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە دەربڕن. ئەوە بوو پاش دیاریکردنی وەڵامەکانی شارەزایان بە هاوکێشەی ( جی کۆپەر – J.cooper) و بەدەستهێنانی ڕێژەی ڕازیبوون بە ڕێژەی (٨٨%) بۆ بڕگەکانی گرفتەکانی پرۆگرام؛ فۆرمەکانیان پەسەند کرد. لێرەشدا بە گوێرەی ڕایەکەی زانستی کاتێک ڕێژەی کۆ دەنگی پسپۆران (٧٥٪)

زیاتر بێت ئەوا لەلایەنی ڕاستی ڕواڵەتییەوە پەسەند دەکرێت (الزوبعي و محمد، ١٩٨١، ٤٤).

**٣-٤-٢: شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوەری گرفت:**

شیکردنەوەی بڕگەکانی پێوەرەکە بریتییە لە کرداری پشکنینی وەڵامەکانی تاکەکانی نموونەی ڕاپرسی بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی پێوەرەکە، بە ئامانجی باشکردنی پێوەرەکە لە ڕێی دەرخستنی بڕگە لاواز و نادروستەکان، دواتر لابردنیان، ئەم کردارەش هاوکۆلکەی جیاکەرەوەی بڕگەکان دەگرێتە خۆ.

**٣-٤-٢-١: هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەری گرفت (القوة التميزية لفقرات المقياس)**

مەبەست لە هێزی جیاکارەوەی بڕگە ئاستی تواناکەیەتی بۆ جیاکردنەوە لەنێوان کۆمەڵەی ئاست بەرز و کۆمەڵەی ئاست نزم.

بە بەکارهێنانی هاوکۆڵکەی جیاکاری دەردەکەوێت بەهای (**t. test**) بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە لەنێوان (٠,٤٧٨ - ٦,٨٣٨)یە، بەپشتبەستن بەم ئەنجامە بەهای هەر بڕگەیەك لە ئاستی (٠,٠٥) بەرزتربێت، ئەوا توێژەر بەبڕگەیەکی جیاوازی داناوە و لایبردووە، سەرجەم بڕگەکان بەڵگەداری ئاماری بوون لەئاستی جگە لە هەریەك لە بڕگەکانی (٤، ٦، ١٧، ٢٩) کە بەهای (**Sig**) هەریەکەیان گەورەتربووە لە هەڵەی ڕێپێدراو (٠,٠٥). بەم شێوەیە پێوەرەکە دوای شیکردنەوە ئامارییەکان بۆ بڕگەکان بەشێوەیەکی کۆتایی پێکهاتووە لە (٢٦) بڕگە.

**٣-٤-٢-٢:گونجانی ناوخۆیی بۆ پێوەری گرفتەکانی بەردەم پرۆگرام:(صدق الاتساق الداخلي)**

توێژەر بۆ دۆزینەوەی ڕاستگۆی گونجانی ناوخۆیی هەستا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر نموونەی ڕاپرسی، کە پێکهاتوون لە (٥٠) مامۆستا (١٢ لە ڕەگەزی نێر و ٣٨ لە ڕەگەزی مێ). پاشان هەژمارکردنی هاوکۆڵکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن. بە

بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) لەنێوان نمرەی گشتی هەر بڕگەیەك لەگەڵ بڕگەکانی تر و لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە

گشت بڕگەکانی پێوەرەکە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئامارییان هەیە لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە لە ئاستی کەمتر لە (٠,٠١) و (٠,٠٥)، بەشێوەیەك بەهای هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون دەکەوێتە نێوان (٠,٣٥٧ – ٠,٧١٤)، ئەمەش بەگەڕانەوە بۆ بەهای (Sig)، لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامە دەردەکەوێت کە هەموو بڕگەکان تایبەتمەندی گونجانی پەیوەستبوونی ناوخۆیی و ڕاستگۆییان هەیە. بەم شێوەیە پێوەری گرفتەکانی بەردەم پرۆگرام بەشێوەیەکی کۆتایی پێکدێت لە (٢٦) بڕگە.

**٣-٤-٢-٣: جێگیری پێوەر (الثبات) لە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە:**

جێگیربوون یەکێک لە مەرجەکانی هەر ئامرازێکی زانستی. مەبەست لە جێگیر بوونی هاوشێوە لە وەڵامەکاندا، کاتێک دووبارە ئامرازەکە بە نزیکەی بەسەر هەمان کەس و لە هەمان بارودۆخدا جێبەجێ دەکرێتەوە (عارف و ئازاد، ٢٠١٨، ١٨٤).

بۆ ژماردنی هاوکۆلکەی جێگیر (معامل الثبات)ی ئامرازەکە ، توێژەر هاوکێشەی پێرسۆن (Pearson Correlation Coefficient) ی بەکارهێناوە، لەبەر ئەوەی بە بەربڵاوترین ئامراز لەم بوارەدا دادەندرێت.

بەهای هاوکۆڵکەی بەیەکبەستنەوەی ژمێردراو بریتییە لە (٠,٨٤٠)، وەلێ بە گریمانەی (Sig) دەبێتە (٠,٠٠)، ئەوەش مانای ئەوەیە هاوکۆڵکەی بە بەیەک بەستنەوەکە بەڵگەدارە و پێوەرەکە بە ڕادەیەکی بەرز جێگیرە، ئەنجام ئەم بەهایەش پەسەندە بۆ پێوەرەکە و توێژەر لەسەر نموونەی توێژینەوەکەی دڵنیا دەکاتەوە.

**٣-٤-٢-٤: هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ** (Cronbachs Alpha)

دوای ئەوەی توێژەر هاوکێشەکەی بەسەر نمرەی مامۆستایان جێبەجێکرد دەرکەوت جێگیری تاقیکردنەوە بۆ پێوەری گرفت بریتییە (٠,٩١٣) ئەمەش جێگیرییەکی بەرز و گونجاوە.

بەم شێوەیە دوای ئەنجامدانی سەرجەم ڕێکارەکانی ئامادەکردنی پێوەری گرفت، پێوەرەکە بە شێوەیەکی کۆتایی بۆ نموونەی توێژینەوەکە ئامادە بوو، کە لە (٢٦) بڕگە پێکهاتوون.

### ٣-٥: جێبەجێکردنی ئامرازەکە:

دوای دڵنیابوون لە ڕاستی ڕواڵەت و ڕاستی ناوەکی و جێگیری ئامرازەکە و و ڕوونیی بڕگەکانی، توێژەر ئامرازی توێژینەوەکەی دابەشکرد بەسەر نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە، بە جۆرێک لە (٩٥) قوتابخانە (١١٠) مامۆستای بابەتی پرۆگرامی مێژوو پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە هەردوو ڕەگەز نێر (٣١) مامۆستا و مێ (٧٩) مامۆستا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە هەر چوار ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکەدا هەڵبژاردن. لە ڕێکەوتی ٢٧ی مارتی ٢٠٢٢ تا ٧ی نیسانی ٢٠٢٢ دەستی بە کارەکانی کرد، دەستنیشانکردنی ئەو کاتە لەبەر ئەوەی بوو لە کۆرسی دووەم بابەتی پرۆگرامی مێژوو دەخوێندرێت، بۆیە لەم کاتەدا بە باش زانرا پێوەرەکە بە سەر مامۆستایان دابەش بکرێت، تا ئەوەی بۆچوونەکانیان بە دروستی بخەنە ڕوو. ئەنجام دوای کاتی دراو بە مامۆستایان دەستکرا بە کۆکردنەوەی فۆرمەکان.

### ٣-٦: ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوە:

گرینگترین ئەو هاوکێشە ئامارییانەی بەکارهاتوون:

١. هاوکێشەی جی کۆپەر ( J.Cooper Formula ) :

بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایان.

$$\text{ڕێژەی ڕازیبوون} = \frac{\text{ژمارەی شارەزایانی ڕازیبوو}}{\text{کۆی گشتی ژمارەی شارەزایان}} \times ١٠٠$$ (محمد، ٢٠١٥، ١٣١).

٢. تاقیکردنەوەی (T.test) بەکارهێنراوە بۆ پێوەری گرفت بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی و ناوەندەژمێریاری و لادانی پێوانەیی.

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{بەش}}{\text{کۆی گشتی}} * 100$$

ناوەندەژمێریاری $\bar{x} = \frac{\sum x}{n}$

لادانی پێوانەیی: $s = \sqrt{\frac{\sum (x-\bar{x})^2}{n-1}}$

(رديف و آخرون، ١٩٨٢، ٣٦).

## بەشی چوارەم- خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە:

**٤-١: دۆزینەوەی ناوەندە ژمێریاری و لادانی پێو انەیی و ڕێژەی لەگەڵبوون و ڕیزبەندی بۆ پێوەری گرفت:**

ئەم پێوەرە (٢٦) بڕگە لە خۆی دەگرێت و ئەنجامی بۆچوونی لێتوێژەرانی توێژینەوەکە لەسەر بڕگەکانی ئەم پێوەرە نیشان دەدات، کە تایبەتە بە پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، وەک لە خشتەی (٤-١) خراوەتەڕوو:

خشتەی (٤-١) ناوەندە ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵبوون و ڕیزبەندی بۆ پێوەری گرفت

| بڕگە | پێوەری گرفت | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێو انەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆگرامەکە بۆ ئاستی قوتابیان گەلێک زۆرە. | ٤.١١ | ١.٠٨٧ | ٨٢.١٨% | ٥ |
| ٢ | بابەتەکان زۆر بە دوور و درێژی باسکراون. | ٣.٨٥ | ١.٣٢٤ | ٧٦.٧٣% | ١١ |
| ٣ | لە بابەتەکاندا ڕێژەیەکی یەکجار زۆر ساڵی تێدایە. | ٤.١٥ | ١.٠٨٥ | ٨٣.٠٩% | ٤ |
| ٤ | لە ناو بابەتەکاندا ناوی کەسایەتی زۆری تێدان. | ٤.١٧ | ١.٠٣٠ | ٨٣.٤٥% | ٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | وشە و زاراوەی نامۆ بەکارهێنراون. | ٣.١٥ | ١.٣١٢ | ٦٢.٩١% | ٢٥ |
| ٦ | بابەتەکان بەشی زۆریان بە تێکەڵی باسکراون. | ٣.٤١ | ١.٢٥١ | ٦٨.١٨% | ١٨ |
| ٧ | لە پڕۆگرامەکەدا کەمتر گرنگی بە مێژووی کورد و سەرکردەکان و شۆڕش و ڕاپەرینەکان دراوە. | ٣.١٨ | ١.٢٧٢ | ٦٣.٦٤% | ٢٤ |
| ٨ | ماوەی باسکردنی بابەتەکان لە سەدەی ١٣ تاکو سەدەی ٢٠، ماوەیەکی زۆرە بۆ ئاستی قوتابیان. | ٣.٧٩ | ١.٢٢٦ | ٧٥.٨٢% | ١٢ |
| ٩ | بابەتی دووبارە بوونی هەیە. | ٣.٢٠ | ١.٢٢٥ | ٦٤.٠٠% | ٢٣ |
| ١٠ | زانیاریی هەڵە لە زۆرێك لە بابەتەکاندا بوونی هەیە. | ٣.٢٣ | ١.١٢٢ | ٦٤.٥٥% | ٢١ |
| ١١ | لە بابەتەکان زیاتر گرنگی بە مێژووی نوێ دراوە. | ٣.٢٠ | ١.٢٥٥ | ٦٤.٠٠% | ٢٢ |
| ١٢ | هەندێک لە بابەتەکان پەیوەندییان بە یەکترەوە نییە. | ٣.٣٦ | ١.١٥٥ | ٦٧.٢٧% | ١٩ |
| ١٣ | بەشێکی زۆر لە | ٣.٣٥ | ١.٢٥٣ | ٦٧.٠٩% | ٢٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بابەتەکان ژماردنی تێدایە. | | | | |
| ١٤ | نەبوونی زەمینەی سەردانیکردنی شوێنەواره دێرینەکان، کە لە بابەتەکەدا هاتوون. | ٤,٢٥ | ٠,٩٠٣ | ٪٨٥,٠٩ | ٢ |
| ١٥ | چڕ و پڕی بابەتەکان و هاوتانەبوونیان لەگەڵ سەردەم و ئاستی قوتابیان. | ٣.٣٩ | ٠.٩٧٩ | ٧٨.٧٣% | ٩ |
| ١٦ | هەندێك لە بابەتەکان بە شێوەی پچڕ پچڕ باسکراون. | ٣.٧٥ | ١.٠٣٣ | ٧٥.٠٩% | ١٣ |
| ١٧ | بایەخ نەدراوە بەو ڕێککەوتننامانەی، کە بوونەتە هۆکاری دابەشبوونی کوردستان. | ٣.٥٦ | ١.٢٦٧ | ٧١.٢٧% | ١٧ |
| ١٨ | سەرچاوە بەکارهاتووەکان تێکڕایان سەرچاوەی عەرەبین. | ٣.٦٥ | ٠.٩٦٢ | ٧٣.٠٩% | ١٥ |
| ١٩ | سەرچاوەی کەم بەکارهێنراوە. | ٣.٥٧ | ١.٠٦٢ | ٧١.٤٥% | ١٦ |
| ٢٠ | هەندێك لە بابەتە گرنگەکان بە کورتی | ٣.٧٠ | ١.١٣٠ | ٧٤.٠٠% | ١٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | باسیان کراوە. | | | | |
| ٢١ | پرۆگرامەکە خراوەتە وەرزی دووەمی خوێندن و کاتەکە بەشی بابەتەکان ناکات. | ٤.٢٩ | ١.٠٤٤ | ٨٥.٨٢% | ١ |
| ٢٢ | ناوهێنانی هەندێک لە کەسایەتی یان کۆمەڵەکان بێ ئەوەی پێشتر پێشینەکی لەسەر باسکرابێت. | ٤.٠١ | ١.٠٧٩ | ٨٠.١٨% | ٦ |
| ٢٣ | ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە بۆ سیستمی هەڵبژاردن گونجاو نییە. | ٣.١٤ | ١.٣٣٠ | ٦٢.٧٣% | ٢٦ |
| ٢٤ | لە پرۆگرامەکەدا پرسیاری ڕەخنەیی بوونی نییە. | ٤.٠٠ | ٠.٩٤٥ | ٨٠.٠٠% | ٧ |
| ٢٥ | پرۆگرامەکە هانی قوتابی نادات پەنا بەرێتە بەر خوێندنەوەی کتێبی مێژوویی. | ٣.٩٧ | ٠.٩٦٢ | ٧٩.٤٥% | ٨ |
| ٢٦ | لە پرۆگرامەکەدا باس لە مێژووی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان نەکراوە. | ٣.٨٨ | ١.٠٨١ | ٧٧.٦٤% | ١٠ |
| کۆی گشتی | | ٣.٦٩ | ١.١٣ | ٧٣.٧٥% | |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکان، کە لە خشتەی (٤-١) تایبەت بە پێوەری (گرفت) بۆ پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، بە تێڕوانینی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە، کە (٢٦) بڕگە لە خۆ دەگرێت.

بە پلەی یەکەم کاریگەرترین بڕگە بۆ پێوەری گرفت بڕگەی (٢١) دێت، کە بریتییە لە: پرۆگرامەکەی خراوەتە وەرزی دووەمی خوێندن و کاتەکە بەشی بابەتەکان ناکات. ناوەندی ژمێریاری یەکسانە بە (٤،٢٩)، بەلادانی پێوانەیی (١،٠٤٤) لە بەرزترین ئاستی ناوەندە ژمێریاری دێت، ڕێژەی لەگەڵبوون (٨٥،٨٢٪)ە، بەپێی ئەم دەرئەنجامەی لە ڕێژەی لەگەڵبوون دەردەکەوێت، کەواتە زۆرترین ئاستی ڕێژەی لەگەڵبوونی بە دەست هێناوە. ئەنجام ئەم بڕگەیە بە پلەی یەکەم دێت لەبەر ئەوەی بە کاریگەرترین بڕگە بۆ پێوەری گرفت بۆ پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی دادەندرێت. لێرەدا توێژەر وای بۆ دەچێت ڕێژەی لەگەڵبوون لە ((٨٥،٨٢٪) بۆ ئەم بڕگەیە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی لەو کاتانەی پرۆگرامی مێژوو دەخوێندرێت، بەشێکی باش لەم کۆرسەدا پشووی فەرمییە، بۆیە مامۆستایان وای دەبینن کاتەکە گونجاو نییە بۆ خوێندنی پرۆگرامی بابەتی مێژوو بەشێوەیەکی باش و سەرکەوتووانە.

دووەم کاریگەرترین بڕگە بۆ پێوەری گرفت بڕگەی (١٤)یە، کە بریتییە لە نەبوونی زەمینەی سەردانیکردنی شوێنەوارە دێرینەکانی لە بابەتەکەدا هاتوون، لەوەشدا ناوەندی ژمێریاری یەکسانە بە (٤،٢٥) و بە لادانی پێوانەیی (٠،٩٠٣) لە پلەی دووەم و لە بەرزترین ئاستی ناوەندە ژمێریاری دێت، ڕێژەی لەگەڵبوون تێیدا (٨٥،٠٩٪)یە، بەپێی ئەو دەرئەنجامەی، کە لە ڕێژەی لەگەڵبوون دەردەکەوێت، دووەم ڕێژەی لەگەڵبوونی بە دەستهێناوە و بە کاریگەرترین بڕگە بۆ پێوەری گرفت بۆ پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی دادەنرێت. لێرەشدا توێژەر پێی وایە ڕێژەی لەگەڵبوونی (٨٥،٠٩٪) بۆ ئەم بڕگەیە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی کەوا هیچ زەمینەیەك بۆ سەردانیکردنی قوتابیان بۆ لە نزیکەوە بینینی شوێنەوارە مێژووییەکان نەڕەخساوە، بەمەش هەموو بابەتەکان بە تیۆری دەخوێنن، بەو هۆیەوە قوتابیان تاڕادەیەك لە بابەتەکە بێزار دەبن.

سێیەم کاریگەرترین بڕگە بۆ پێوەری گرفت بڕگەی (٤)ە، تایبەتە بە زۆری ناوی کەسایەتییەکان لەناو بابەتەکە. ناوەندی ژمێریاری یەکسانە بە (٤,١٧)، بەمەش بە لادانی پێوانەیی (١,٠٣٠) بە سێیەم بەرزترین ئاستی ناوەندە ژمێریاری دێت، ڕێژەی لەگەڵبوون تێیدا (٨٣,٤٥٪)ە. بەپێی ئەم دەرئەنجامە سێیەم زۆرترین ئاستی ڕێژەی لەگەڵبوونی بە دەستهێناوە و بە کاریگەرترین بڕگە بۆ پێوەری گرفت بۆ پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی دادەندرێت. توێژەر وای بۆ دەچێت ڕێژەی لەگەڵبوون لە (٨٣,٤٥٪) بۆ ئەم بڕگەیە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی لەناو بابەتی پرۆگرامەکەدا ڕێژەیەکی زۆر ناوی کەسایەتی تێدایە، ئەمەش دەبێتە هۆی گرفت بۆ قۆتابیان لە کاتی خوێندنیان، هەروەها دەبێتە هۆی لێ تێکچوونیان، بۆیە باسکرنی ئەم هەموو ناوی کەسایەتییە لە ناو پرۆگرامدا دەبێتە هۆی بێزاربوونی قوتابیان لە کاتی خوێندندا.

بەشێوەیەکی گشتی هەر (٢٦) بڕگەی پێوەری گرفتی پرۆگرام کۆی گشتی ناوەندە ژمێریاری یەکسانە بە (٣,٦٩) و لە سەرووی ناوەندی ژمێریاری (٣) دایە، بە لادانی پێوانەیی (١,١٣) و بە ڕێژەی لەگەڵبوون (٧٣,٧٥٪) دەرئەنجام دەردەکەوێت کەوا گرفتێکی زۆر لە پرۆگرامی مێژوودا هەیە. لێرەشدا توێژەر وای بۆ دەچێت ڕێژەی لەگەڵبوون لە (٧٣,٧٥٪) بۆ کۆی بڕگەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی جیاواز لەوانە: زۆری ناوی کەسایەتی، بوونی ساڵی زۆر لەناو پرۆگرامەکە، دوورودرێژی بابەتەکان و نەگونجانی پرۆگرامەکە لەگەڵ ئاست و تەمەنی قوتابیان.

**٤-٢: شیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوە:**

گریمانەی یەکەم: جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (٠,٠٥) هەیە، بۆ گرفتەکانی پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەت. بۆ زانینی جیاوازی ئاماری لەنێوان ناوەندەژمێریاری و لادانی پێوانەیی بۆ پشکنینی ئەم گریمانەیە، توێژەر تاقیکردنەوەی (**t-test** ) بەکارهێناوە. بڕوانە: خشتەی (٤-٢) خراوەتەڕوو:

خشتەی (٤-٢) ئەنجامی نمرەی گشتی ناوەندە ژمێریاری لادانی پێوانەیی بەهای (T-test) نرخی ئەگەری بۆ گرفتەکانی پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتدا.

| گۆڕاو | بژاردە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێو انەیی | t-test | نرخی ئەگەری | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گرفت | ١١٠ | ٣,٦٨٧ | ٠,٤٧٤ | ١٥,١٩١ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەدارە |

بەپێی ئەنجامی زانیارییە ئامارییەکان، کە لە خشتەی (٤-٢) دەردەکەوێت، ناوەندە ژمێریاری یەکسانە (٣,٦٨٧)، بە لادانی پێوانەیی (٠,٤٧٤) بەهای (**t-test**) یەکسانە بە (١٥,١٩١) و بە بەهای نرخی ئەگەری گشتی یەکسانە بە (٠,٠٠٠)، ئەوەش بچووکترە لە ئاست بەڵگەداری ئاماری (٠,٠٥). واتە ئەم گریمانە قبوڵ کراوە و جیاوازی هەیە لە ڕای مامۆستایانی بابەت سەبارەت بە گرفتەکانی پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی. لەوەشدا توێژەر بە پلەی یەکەم هۆکاری ئەم جیاوازییە دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازیی بیرو بۆچوونی مامۆستایان و ساڵانی خزمەتی مامۆستایان بۆ گرفتەکانی پرۆگرام.

## بەشی پێنجەم- دەرئەنجام، ڕاسپاردە، پێشنیاز:

### ٥-١: دەرئەنجام:

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە

١. مامۆستایانی بابەت هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی گرفتی تێدایە وە پێویستی بە چارەسەرکردنە.

٢. بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکە بۆ کۆی گشتی پێوەری گرفت بە گوێرەی ناوەندەژمێرەیی ڕێژەیی لەگەڵبوونی مامۆستایان لە (٧٣,٧٥٪) بوو، کەواتە پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆیەم گرفتی تێدا بەدی دەکرێت.

٥-٢: ڕاسپاردە:

١. پێویستە پرۆگرامی مێژووی پۆلی نۆی بنەڕەتی لەلایەن لێژنەیەک لە کەسانی شارەزا و پسپۆر لە بواری مێژوو و پەروەردەدا دووبارە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

٢. پێویستە لە پرۆگرامەکەدا چەمک و بابەتە زانستییەکان ڕوونکردنەوەی زیاتریان پێبدرێت تاکو مامۆستا و قوتابیان بگەنە ئامانجەکانی تایبەت بە زانستی مێژوو.

٣. پێویستە دانەرانی پرۆگرامی بابەتی مێژووی پۆلی نۆیەم لە وەزارەتی پەروەردە، ئامانجە تایبەتی و گشتییەکانی هەر پرۆگرامێک بە شێوازێکی دیار و ڕوون دابرێژن تا ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندی پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا یەکسان بێتەوە.

**٥-٣: پێشنیاز:**

١. توێژینەوەیەکی تری هاوشێوە بکرێت بۆ قۆناغەکانی تری ئامادەیی لەبەر ئەوەی لە ئەنجامی چاوپێکەوتندا دەرکەوتووە کە پرۆگرامی قۆناغەکانی دیکە گرفتیان تێدا بەدی دەکرێت.

٢. توێژینەوەیەکی دیکە دەرباری هەمان بابەت لە ڕوانگەی مامۆستایان لە پارێزگای سلێمانی ئەنجام بدرێت.

**سەرچاوەکان**

یەکەم: قورئانی پیرۆز

دووەم : کتێب

أ. **بە زمانی کوردی**

- ئەحمەد، سامان حوسێن (٢٠٢٠)، میتۆد و لێکۆڵینەوە هەنگاوەکانی نووسینی، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- عزیز، کریم احمد (٢٠١٩)، پرۆگرامی پەروەردەیی (دەروازەیەک بۆ ناسینی پرۆگرام و شیکردنەوەی کتێب)، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی نارین.

- قادر، رەمەزان حەمەدەمین (٢٠١٦)، پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
- هەرشەمی، شاسوار (٢٠٢٢)، فەرهەنگی ئێتمۆلۆژی کوردی، بەرگی سێیەم، سلێمانی.

ب. بەزمانی عەرەبی

- ابو حويج، مروان (٢٠٠٠)، المناهج التربوية المعاصرة، الطبعة الاولى، الاردن، دار العملية الدولية ودار الثقافة للنشر والتوزيع.
- حسين، محسن محمد (٢٠١٢)، طبيعة المعرفة التاريخية و فلسفة التاريخ، اربيل.
- حميد، طه باقر و عبدالعزيز (١٩٨٠)، طرق البحث العلمي في التاريخ والاثار، بغداد.
- الخوالدة، محمد محمود (٢٠٠٤)، اسس بناء المناهج التربوية وتصميم الكتاب التعليمي، الطبعة الاولى، عمان، دار المسيرة.
- رديف و آخرون، صبري (١٩٨٢)، الطرق الأحصائية، العراق، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.
- الزوبعي، عبدالجليل و محمد، ابراهيم (١٩٨١)، مناهج البحث في التربية ، الجزء الاول، بغداد.
- الشيخ، عبدالرضا عبدالله (٢٠٠٢)، مدخل الى علم التاريخ، الرياض.
- طه، عبدالواحد ذنون (١٩٩٠)، اصول البحث التاريخي، الموصل، دار الحكمة للطباعة والنشر.
- عاشور، راتب قاسم (٢٠٠٤)، المنهج بين النظرية والتطبيق، الطبعة الاولى، الاردن، دار المسيرة للنشر والتوزيع.
- العقود، زكية ناصر و يوسف، سليمان يوسف (٢٠٠٦)، دور الفلسفة في البعد التربوي، الطبعة الثانية، عمان، موقع معايرة للنشر والتوزيع.
- غبارى، محمد سلامة (١٩٨١)، المدخل الى علاج المشكلات الآجتماعية الفردية، الطبعة الاولى، مكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية.
- القيسي، ماجد ايوب (٢٠١٨)، المناهج وطرائق التدريس، الطبعة الاولى، ديالة.
- كشرود، عمار الطيب (٢٠٠٧)، البحث العلمي ومناهجه في العلوم الاجتماعية والسلوكية، عمان، دار المناهج للنشر.
- محمد، ابراهيم و الشافعي، زملائه (١٩٩٦)، المنهج المدرسي من منظور جديد، الطبعة الاولى، السعودية، مكتبة العبيكان للنشر.

- مرعي، توفيق احمد و الحيلة، محمد محمود (٢٠٠١)، المناهج التربوية الحديث (مفاهيمها وعناصرها واسسها وعملياتها)، الطبعة الثانية، عمان ، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.
- المعايطة، عبدالعزيز و الجغيمان، محمد (٢٠٠٦)، مشكلات تربوية معاصرة، الطبعة الاولى ، عمان، دار الثقافة للنشر والتوزيع.
- نوري، موفق سالم (٢٠١٤)، علم التاريخ ماهية منهجية تدريب المدارس، الطبعة الاولى، عمان، الاردن.
- الهاشمي، عبدالحميد محمد (١٩٨٨)، اصول علم النفس العام، الطبعة الثانية، جدة، دار الشروق للطباعة والنشر.
- هندي، صالح وآخرون (١٩٩٢)، تخطيط المنهج وتطويره، دارالفكر للطباعه والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى ، عمان.
- يونس، فتحي وآخرون (٢٠٠٤)، المناهج الاسس المكونات التنظيمات التطوير، الطبعة الاولى، الاردن، عمان، دار الفكر للنشر والتوزيع.

**سێیەم: نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە**

- باهمام، ايمان سعيد احمد (٢٠٠٤)، دور المنهج الدراسي في النظام التربوي الاسلامي في مواجهة تحديات العصر، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة ام القرى، قسم التربية الاسلامية والمقارن.

**چوارەم: توێژینەوەی زانستی**

أ. به زمانی کوردی

- عارف، کارزان محمد و ئازاد، کوردستان محمد (٢٠١٨)، هەڵسەنگاندنی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلی نۆی بنەڕەتی لە دیدی مامۆستایانەوە، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (١)، ژمارە (٢)، زانکۆی سۆران.
- - عارف، کارزان محمد و ئەوانی تر ( ٢٠٢٠)، ڕۆڵی دڵنیایی جۆری لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (٣)، ژمارە (١)، زانکۆی سۆران.

**ب. بە زمانی عەرەبی**

- محمد، خالد (٢٠١٥)، فاعلية التعليم المتمايز في تحسين مستوى الدافعية نحو تعلم العلوم لدى التلاميذ الصم بالمرحلة الابتدائية، مجلة كلية التربية، المجلة ، العدد(٦٣)، جامعة الازهر- مصر.

## ملخص

### مشاكل منهج التاريخ في الصف التاسع الابتدائي في اربيل

يهدف هذا البحث الى تقصي مشاكل منهج التاريخ للصف التاسع من وجهة نظر المعلمين في مدارس اربيل الثانوية للعام الدراسي (٢٠٢١-٢٠٢٢). يمكن إعلام وزارة التربية والتعليم - دائرة البرامج في حكومة إقليم كوردستان بأوجه القصور، حتى يتمكنوا من مراجعة المشاكل في المستقبل. تبعاً. لذلك اعتبرنا ضرورة إجراء هذا البحث، بحيث يرى المعلمون مشاكل منهج التاريخ في الصف التاسع الابتدائي الذي يدرس جزءا من التاريخ الكوردي. دعونا نحدد. يتكون مجتمع البحث من (١٢٥) مدرسة في مركز أربيل التربوي، وفي هذا الإطار اخترنا (٩٥) مدرسة، منها (١١٠) معلم مادة، (٣١) منهم ذكور و(٧٩) إناث. من المهم إجراء بحث علمي حول مشاكل المنهج من منظور معلمي المادة، لأنه بهذه الطريقة أجل جمع المعلومات اللازمة لإجراء البحث، اعتمدنا على استمارة المسح التي أعدها الباحث وتتكون من (٢٦) فقرة. بعد إعداد الأداة واستخراج الحقائق والاتساق الداخلي والثبات، قمنا بتطبيقها على عينة الدراسة الرئيسية، ثم بدأنا في تحليل المسح وإفراغه باستخدام المعادلات الإحصائية والنسب المئوية وتصنيفات نتائج البحث.


**الكلمات الدالة: المشكلة، برنامج ، المناهج الدراسية ، التاريخ.**


## Abstract

### History curriculum problems in the primary school in Erbil

This research aims to investigate the problems of the history curriculum for the ninth grade from the point of view of teachers in Erbil secondary schools for the academic year (2021-2022). It is important to conduct scientific research on the problems of the curriculum from the perspective of subject teachers, because in this way the Ministry of Education-Programs Department in the Kurdistan Regional Government can be informed of the shortcomings, so that

they can revise the curricula in the future. editions. Therefore, we considered the necessity of conducting this research, so that teachers would see the problems of the history curriculum in the ninth grade of primary school, which studies a part of Kurdish history. Let's define. The research community consists of (125) schools in the Erbil Educational Center, and in this context we chose (95) schools, of which (110) subject teachers, (31) of them are males and (79) are females. In order to collect the information necessary to conduct the research, we relied on the survey form prepared by the researcher and it consists of (26) paragraphs. After setting up the tool and extracting facts, internal consistency and consistency, we applied it to the main study sample, and then started analyzing and emptying the survey using statistical equations, percentages, and classifications of search results.

**Key words**: problem.program.curriculum.history.